# بەردەباز

ئەنوەری ڕەشی عەولا
anwarrashyawla@yahoo.ca

دەڵێت : ئەستێرەکان بە پێنان بەسەر دڵی مانگدا
بازدەدەن بەسەر گۆمی نیوەشەودا

تیرۆژ بە کۆڵانە پێچاوپێچەکانی — با — دا
( ڕاز و عیتابی ) خۆر دەگەێنێتە دڵی بێگەردی ئاو

دڵۆپەی ( ڕۆحی ڕەوانی) هەور
تۆوی باخچە ونبووەکانی خۆی دەنێتە نێو هەناوی گڵ

هەروابووە...لە جەستەی چرکەیەکەوە؛
هەڵسووکەوتی چرکەیەکی تر بەرز دەبێتەوە
لەسەرشانی شەپۆلێکی وەسوەسەگەر، شەپۆلێکی بەقولایی خودڕاچوو بڵندگەراییەکەی هەڵدەچنێ

دڵ: ئاوە، زۆر خۆییانە.. مینا تاجەگوڵینەی شاجوانێک
(درەختی ئەقڵی، لەسەرسەری خۆی دانا)

کۆڵان: پەیماننامەیەکە، لە نێوان مانفێستەکانی گەردەلوول و گڕکان و تۆفانەکاندا. هەریەکە بە چاو و لووت و دەم و گوێی خۆیەوە...هیچ یەکێکیش بۆی نیە بوونی ئەویدی بخەسێنێ!

چرکە: دڕدۆنگی ژیان و مردنبوو، لە بەرانبەر ئەو مانایانەی بەخشیانەوە؛ ئیدی ئەستەمبوو خڕکردنەوە و سڕینەوەیان ؛ ناچار بە ناچارەیی ئەوان شایەتمان بهێنین و بە دۆعاکانیشیان.. بێژین
((ئامین))

---

شەپۆل: پێپلیکانەی ئاوە، - با - بۆ سەرگەرمی خلیسکێنە و سەرکەوتنەکانی خۆی نەخشاندوویەتی